# لە یادی تاوانی کۆمەڵ کوژی قەڵادزێدا نەفرەت لە هەموو بەعسییەکان

پێش 31 ساڵ لەمەوپێش , هەمان ڕژێمی ئەنفال و هەڵەبجە , هەمان دڕندەی کۆمەڵ کوژی بارزانی و فەیلییەکان , هەمان سوپای وێرانکەری لادێکانی کوردستان , لە 24-4-1974 , بۆردومانی شاری قەڵادزێی خۆڕاگرییان کرد بە بۆمبی ناپاڵمی یاساغکراو لە جیهان , لە ئەنجامدا زیاتر لە 140 کەس گیيانییان بەخت کرد , ژمارەیەکی زۆر زیاتریش بریندار بوون .
لە ساڵی 1982دا یادی ئەم تاوانە فاشیستانەیە بووە کلّپەی ڕاپەڕینی سەرانسەری لە کوردستان , هێزی بە جەماوەر بەخشی بۆ دژایەتی بەعسییەکان , بەڵام بە داخەوە ساڵانی پاش 1982 ئەو کلّپەی ڕاپەڕینەی بەعس نەیتوانی دایمرکێنێتەوە , شەڕی ناوخۆیی خامۆشی کردەوە .
ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ئەم کارەساتە دەکەینەوە وەرزی بە ڕەسمی ناسینی جینۆسایدەکانی جیهانە , جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان چۆتە پەرلەمانەکانی جیهان بە تورکیاشەوە , داوای لێبوردنی ژاپۆنییەکان لە چینییەکان بەرامبەر ئەو تاوانانەی ئەنجامی داوە , تەنها دەنگێك لە بەفەرمی ناسینی جینۆسایدکردنی کورد نییە .
بەڵام بە داخەوە لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان خەریکی خۆ ئامادە کردنی ئەم یادەیە , لەم کاتەدا هەواڵی ئەوەمان پێ گەیشت بەڕێز تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق و پاڵێوراوی لیستی دیموکراتی کوردستان , وەفیق سامەڕائی یەکێك لە تاوانبارانی جینۆسایدکردنی کوردی کردووە بە مستەشاری کاروباری ئاسایش, ئێمە بە توندی دژ بەم هەنگاوەین , داواکارین بە زووترین کات بەڕیچزی چاوێك بەم بڕیارەی خۆیدا بخشێنێتەوە .
ئێمە چاوەڕوانی دادگایی تاوانبارانمان دەکرد لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی بەڕێزییدا , بەڵام بەداخەوە ئەم هەنگاوانە هەموو خەونەکانی ئێمەو کەس و کاری قوربانییان لە گۆڕ نا .
لە یادی بۆردومانی کارەساتی قەڵادزێ ( قەڵای خوێن و بەرخودان) دا داواکارین لە دام و دەزگا بەرپرسەکانی کوردستان و عێراق :

- حکومەتی عێراقی بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بەرامبەر بە جینۆسایدکردنی بکات .
- تاوانبارانی ڕاستەوخۆی بۆردومانی قەڵادزێ بدۆزرێنەوەو دادگایی بکرێن .
- قەرەبووی شەهیدان و بریندارەکانی بۆردومانی قەڵادزێ بکرێتەوە .
- شوێنی زانکۆی بوردومانکراوی سولەیمانی لە قەڵادزێ بکرێتەوە بە زانکۆ .
- گرنگی بە شاری قەڵادزێ بدرێت لە بواری ئاوەدان کردنەوە , شوێنەواری بۆردومان و ڕاگواستن و شەڕی ناوخۆیی تێدا بسڕێتەوەو قەرەبووی تەواوی خەڵکەکەی بکرێتەوە .
- مۆنمێنتێك بۆ قوربانییانی قەڵادزێ دروست بکرێت .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد-چاك-22-4-2005**

**www.chak.info**